گەرمیان... لە رووداوێکی هاتووچۆدا کەسێک گیانی لەدەستدا

ئەمڕۆ شەممە،هاتووچۆی گەرمیان رایگەیاند، کەمێک پێش ئێستا لەسەر ڕێگای کۆلار - ناحیەی باوەنور نزیک گوندی ڕەند علی خان ئۆتۆمبێلێک وەرگەڕا و بەهۆیەوە شۆفێرەکەی گیانی لەدەستدا.

 بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان باویکردەوە، لەنزیک گوندی ڕەند علی خان ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا پیک ئاپ کە بەئاڕاستەی ناحیەی باوەنور ڕێشتووە، کەنترۆڵی لەدەستدا و وەرگەڕا.

ئاماژەی بۆشکردووە، بەهۆی رووداوەکەوە شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بە سەختی بریندارببوو و دواتر بەمەستی وەرگرتنی چارەسەر گەیەنرایە نەخۆشخانەی شەهید مەلا احمد لە ناحیەی باوەنوور و بەهۆی سەختی بریندکەیەوە گیانی لەدەستدا.

هاتووچۆی گەرمیان باسی لەوشکردووە، لە ئێستادا تیمی هاتووچۆ لەکەینەوەیان لە رووداوەکە

دەستپێکردووە بەمەبەستی زانینی هەکار و چێنیەتی رووداوەکە.